# چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر بابەتی دوازدەیەم: (ڕادە)

مامۆستا عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

(٢٠٢٣/٤/١٨)

چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر بابەتی دوازدەیەم: (ڕادە) لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دوازدەیەم، چاپی (١٦)، ٢٠٢٢، بە چەند خاڵێک دەخەمە خزمەتتان:

١/ لە لاپەڕە (٧٠)دا، کارە لێکدراوەکە ئاوا نووسراوە: (پیشان دەدەن).

بە بۆچوونی من، کتێبەکە لەگەڵ ئەوەدایە، کە (کاری لێکدراو) پێکەوە بنووسرێت، بۆیە دەبێت ئەمەش پێکەوە بنووسرێت (پیشاندەدەن).

٢/ لە لاپەڕە (٧١)دا، لە دێڕی (٢)، نووسراوە: (لەبری) پێکەوەن، بەڵام لە هەمان لاپەڕەدا و لە دێڕی (١٧)، نووسراوە: (لە بری) پێکەوە نین!

بە بۆچوونی من، دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین و لە بەرگ بۆ بەرگ بە یەک شێوە بینووسین.

٣/ لە لاپەڕە (٧١)دا، دێڕی (٢٠)، نووسراوە: (چۆنیەتییە کە)، ئەمە هەڵەیە، چونکە دەبێت (کە) بلکێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە و سپەیس نەبێت، واتە دەبێت بنووسرێت: (چۆنیەتییەکە).

٤/ لە لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (٢)، لە ڕاهێنانی (١)، لە کۆتاییی ڕستەی کتێبەکە، نیشانەی خاڵ (.) دانەنراوە، کە دەبوو بۆی دابنرێت، چونکە ڕستەیەکی هەواڵییە.

٥/ لە لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (٤)، لە ڕاهێنانی (١)، خاڵی (٢) نووسراوە: وشەی(بە جوانی)،

لێرە دوو هەڵە هەیە:

أ/ لە دوای (وشەی) سپەیس نییە و لکاوە بە کەوانەکەوە، کە دەبێت سپەیس هەبێ لەنێوانیاندا.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

ب/ وشەی (بە جوانی) بە هەڵە نووسراوە و (بە) نەلکاوە بە (جوانی)یەوە، ڕاستییەکەی دەبێت بلکێت و بنووسرێت (بەجوانی)، چونکە (بەجوانی) وشەیەکی داڕێژراوە و دەبێت پێکەوە بنووسرێن.

پاشان لە هەمان ڕاهێناندا، دوو جاری تر وشەی (بەجوانی) بەدروستی نووسراوە و پێکەوە لکاون.

واتە دروستە بنووسرێت: وشەی (بەجوانی)

٦/ لە لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (١٣)، نووسراوە: (هەڵبژێرە)، ئەمە هەڵەیە، چونکە دەبێت (بـ)ی نیشانەی کاری داخوازی لە (زمانی نووسین)دا، لەبیرنەکرێت بە بیانووی ئەوەی کارەکە ناسادەیە و ڕەگی کار بە پیتی (بـ) دەست پێ دەکات، واتە دەبێت بنووسرێت: (هەڵــبــبــژێرە).

٧/ لە لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (٢٠)، نووسراوە: (گۆلەکەی)، ئەمە هەڵەیە، چونکە (گۆل) و (گۆڵ) دوو وشەی جیاوازن و هەردوو پیتی (ل) و (ڵ) دوو فۆنیمی جیاوازن و جیاوازیی واتایی دروست دەکەن، تەنیا بە نیشانەی حەوتەکە جیادەکرێنەوە، بۆیە دەبێت بنووسرێت: (گۆڵەکەی).

هەروەها دەبێت نیشانەی خاڵ (.)، کە لە دەرەوەی کەوانەکە دانراوە، ڕاستەوخۆ لە دوای ڕستەکەوە دابنرێت، پاشان کەوانەکە دابنرێتەوە، چونکە ئێمە ڕستەکە بە خۆی و نیشانەکەی کۆتاییەوە دەخەینە ناو کەوانەکەوە، پاشان بە دوای کەوانەکەشدا ڕاستەوخۆ فاریزەیەک دابنرێت، واتە دەبێت بنووسرێت:

٣/ (یاریزانەکە گۆڵەکەی زۆر جوان تۆمارکرد.)، (زۆر جوان) چییە؟

٨/ لە لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (٢١–٢٢)، بە بۆچوونی من، دەبێت نیشانەی خاڵ (.) لە کۆتاییی هەر چوار بژاردەکە دابنرێت، چونکە هەر چواریان ڕستەی هەواڵین.

٩/ لە لاپەڕە (٧٣)دا، دێڕی (١)، ڕستەی (٤)، ڕستەی ناو کەوانەکە، خاڵی بۆ دانەنراوە، دەبێت نیشانەی خاڵ (.) ڕاستەوخۆ لە دوای ڕستەکەوە دابنرێت، پاشان کەوانەکە دابنرێتەوە.

هەموو مافێکی پارێزراوە (عبداللە عبدالقادر علی)

١٠/ / له لاپەڕە (٧٢)دا، دێڕی (٢–٣)، بە بۆچوونی من، دەبێت نیشانەی خاڵ (.) لە کۆتاییی هەر چوار بڕاردەکە دابنرێت، چونکە هەر چواریان ڕستەی هەواڵین.

١١/ له لاپەڕە (٧٣)دا، دێڕی (٤)، خاڵی (٥)، وشەی (لە دوور) بە هەڵە نووسراوە و (لە) نەلکاوە بە (دوور)ەوە، ڕاستییەکەی دەبێت بلکێت و بنووسرێت (لەدوور)، چونکە (لەدوور) وشەیەکی داڕێژراوە و دەبێت پێکەوە بنووسرێن.

١٢/ خاڵێکی تر، کە جێگەی پرسیارە و دەبێت چارەسەر بکرێت، مەسەلەی دوو واوە (وو):

لە هەندێک وشەدا، وەک: (دوور، ڕووندەکاتەوە، ڕوودان، نووسییەوە، ژوورەکە، لەدوور، مێژوو، ...)، ئەمانە بە دوو واو نووسراون، بەڵام هەندێک وشەی تر، وەک: (ڕودان، نمونە، سنور، ...) بە یەک واو نووسراون؟!

لە هەمووی سەیرتر، لە لاپەڕە (٧١)دا، دوو جار وشەی (ڕوودان) نووسراوە، جارێک بە یەک واو، جارێکی تر بە دوو واو:

لە دێڕی (٧)، نووسراوە: (ڕودان)، کەچی لە دێڕی (١٥)ی هەمان لاپەڕەدا، نووسراوە: (ڕوودان).

بە بۆچوونی من، ئەمە نە جوانە، نە باشیشە، بۆیە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین و لە بەرگ بۆ بەرگ بە یەک شێوە بینووسین.

---

لەوانەیە، هەڵەی تریش هەبێت و بەسەر منیشدا تێپەڕیبێت، بەڵام دڵنیام (گەر بیانەوێت) پێکەوە دەتوانین کتێبەکانی خوێندنگە لە هەڵە و کەموکورتییەکان پاک بکەینەوە.

هیوادارم مامۆستایانی بەڕێزیش هەر کەسە و لە ئاستی خۆیەوە، هەر هەڵەیەکی بەرچاو کەوت، دەستنیشانی بکات و بیخاتە ڕوو، بەو ئومێدەی لە چاپەکانی داهاتوودا، سوودیان لێ وەربگیرێت.

---

**کۆتایی**

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر ع